زیانی ئاگرەکەی کالیفۆرنیا بە نزیکەی 60 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت

بەپێی توێژینەوەیەك زیانە ئابوورییەکانی ئاگرکەوتنەوە باشووری کالیفۆرنیا بە 52 ملیار دۆلار تا 57 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

ناوەندی کەشناسی جیهانی سەر بە کۆمپانیای "ئەکیو وێژەر"، ڕایگەیاند بەهۆی ئەو ئاگرەی بەرفراوانەی لە کالیفۆرنیا کەتووەتەوە، زیانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لێ دەکەوێتەوە، کە زیان لەسەر موڵك، کرێ، بەروبوومی کشتوکاڵی، ژێرخان،گەشتوگوزار، لەگەڵ تێچووی چاککردن و پاککردنەوە و بەڕێوەبردنی فریاکەوتن و خەرجییە پزیشکییەکان دەگرێتەوە.

جێناسان پێرتەر، سەرۆکی پسپۆڕانی کەشناسی لە "ئەکیو وێژەر" ڕایگەیاند: "ئەم ئاگرە یەکەکە لە خراپترین ئاگرکەوتنەوەکانی دارستان لە مێژووی کالیفۆرنیادا، گەر لە ڕۆژانی داهاتوودا بەردەوام بێت لە سووتاندنی دامەزراوەکان، لەوانەیە ببێتە خراپترین ئاگرکەوتنەوە لە مێژووی نوێی ویلایەتەکەدا لە ڕووی ژمارەی دامەزراوە سووتاوەکان و

زیانە ئابوورییەکانەوە."

توژینەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە زیانە ئابوورییەکانی ئاگرکەی ماوی لە ویلایەتی هاوای ساڵی 2023 لە نێوان 13 تا 16 ملیار دۆلار بووە، لە کاتێکدا زیانەکانی هەموو ئاگرکەوتنەوەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکا لە ساڵی 2020 لە نێوان 130 تا 150 ملیار دۆلار بووە، زیانەکانی وەرزی زریانەکەی ساڵی 2024 کالفۆرنیا نزیکەی نیو ترلیۆن دۆلار بووە.